# ڕۆژی نالی: بەلاغە، وەک باڵادەستیی ئایدیۆلۆژی




[ماڵپەڕی کلتووریی دیدی من]

*ڕۆژی نالی، یەکەم ئیڤێنتی کلتووریی ماڵپەڕی کلتووریی دیدی من بوو. ئیڤێنتەکە بە لەخۆگرتنی چەندین بڕگە و بابەت دەربارەی شاعیری کلاسیکی کورد نالی، لە بەرواری ٢٠١٦|١١|١٤ لە زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق، سلێمانی بەڕێوە چوو.*

(لەبارەی ڕۆڵی بەلاغەی عەرەبی و کاریگەریی لە سەر شوناسی شاعیرە کوردەکان: نالی وەك نموونە)

ڕێبوار سیوەیلی

پێداچوونەوە: عەبدولخالق یەعقووبی

پوختە:

دەبێت هەر لەسەرەتاوە ئەوە ڕوون بێت کە مەبەستی من لە بەکارهێنانی وشەی (بەلاغە) ئاماژەدانە بۆ ئەو دانایيە سنووردارەی عەرەبەکانی پێش ئیسلام لە دووڕگەی عەرەبی کردبوویانە پێشنووسی خۆیان بۆ نووسینی شیعری جاهیلی و کردنی ئەم شیعرە بە بنەما و بنەوانی زانستێك بەناوی "زانستی بەلاغەی عەرەبی". هەریەکە لە(خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) لەسەر ئاستی ئیقاعی عروزی و (الجاحظ) لەسەر ئاستی زمانی تیۆریزەی ئەم ژانرە

زارەکییەیان کرد و بوارێك هاتە ئاراوە تا پێشزەمینەی "باڵادەستخوازی" و فەزڵی نەتەوەی عەرەب لەسەر بنەمای "زمانە بەلاغی"یەکەیەوە بکرێت بەسەر زمان و نەتەوەکانیتردا1.

لەو ڕوانگەیەوە کە هەموو دانایی و زانینێك سنووردارە و دانایی ڕەها نیە، ئەوە دانایی عەرەبەکانیش لەبواری زمانیی شیعریدا سنووردار و پابەندی ئەو هەلومەرجە کولتووری و مێژووییەیە کە تێیدا بەرجەستە بووە. لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامدا و بە پەیدابوونی قورئان لە ساڵانی پاشتردا، وەکئەوەی پاشان ڕوونتر دەبێتەوە، ئەم بەلاغەیە دەبێتە دەزگایەکی چەمکی بۆ تێگەیشتن لە قورئان و دەشکرێتە پێوەر و فیلتەرێك، کە بە هۆیەوە بەرهەمی زمانانی گەلانیتر لە ئاست زمانی عەرەبیدا، هەڵدەسەنگێنرێت و ڕۆڵی ئاستێك لە ئاستەکانی ئایدیۆلۆژیا2، وەك بەرجەستەکەری گوتاری سەردەستەیی عەرەب، لە بەرامبەر (ئەوانیتر)دا دەبینێت بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ و هاوشان بە داگیرکردنی مسوڵمانە عەرەبەکان بۆ شوێنەکانیتر، بەلاغەش دەبێتە هەڵگری ئاستە زەوقی و ئایدیۆلۆژییی ئەم داگیرکارییە و دەبێتە دەزگایەکی سەرکوتکەر بۆ شاردنەوە و قاچاخکردنی شوناس و زەینییەتی ئەوانیتر. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە شوناسی ئەو شاعیرە غەیرە عەرەبانەی لەسەر ڕێچکەی بەلاغیانە شیعریان نووسیوە، لەوانەش شاعیری کورد: نالی، پێویستە لەودیو مەرجە بەلاغییەکانەوە لە چۆنێتی بەرجەستەکردنی شوناسی خۆیان بکۆڵینەوە

---

[1] لەمبارەیەوە بگەڕێوە بۆ هەردوو کتێبە نایابەکەی (ئەدۆنیس)، بەتایبەتی (شیعرییەتی عەرەبی: بەشی دووەم: الشعریة و الفضاء القراني، بەتایبەتی ل: 41و بەرەودوا):

- أدونيس: **الثابت و المتحول**: بحث في الابداع و اللاتباع عند العرب. 4 أجزاء, ط: العشرة, دار الساقی, بيروت, لبنان, 2011.
- أدونيس: **الشعرية العربية**. دار الاداب, بيروت لبنان, 1985.

[2] بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی زیاتری من لە بەکارهێنانی وشەی (ئایدیۆلۆژیا) و ئەو مانایەی لەم باسەدا هەڵگریەتی، بگەڕێوە بۆ: پۆڵ ڕیکۆر: ***"خەیاڵی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا"***، لە: ئازاد سوبحی: **دەنگ و سێبەر**، هەولێر: سەنتەری نما (8)، 2002، ل: 206-226.

سەرەتا:

پەیوەندیی من وەك توێژەرێك، بە شیعری کلاسیکی کوردییەوە، جیاواز دەستپێکردووە. من لە هەندەران و لە تاراوگە ساڵی 1990 دەستم بە لێکۆڵینەوە لەم ژانرە کرد. ئەزموونی تایبەتیم لەمەدا کاریگەریی بەرچاوی هەبوو. خۆبینینەوە لە دۆخێکدا کە گەڕان بە دوای شوناسی کەسیی و شوناسی نەتەوەیی فەرزی دەکات، منی پەلکێش کردە لای ئەو شاعیرانەی کە ئەزموونێکی لەوجۆرەیان تەی کردبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕوانگەم بۆ شیعری کلاسیکی کوردی لەوەی کە تەنێ بەشێکە لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە بگۆرم بۆ ئەوەی ئەم ئەدەبیاتە هەڵگری بەشێکی گرنگ لە شوناسی نەتەوەیی ئێمەیە. واتە پەیوەندیی خۆم لە پەیوەندییەکی بابەتییەوە بکەمە پەیوەندییەکی خودی. ئەم پەیوەندییە سۆبژەکتیڤە بە شیعرەوە، وایکرد هەمیشە بمەوێت بگەڕێم بە دوای هەندێك وەڵام، کە لە شیعردا گیر دەکەوێت، هەرچەندەش ئەو وەڵامانە وەڵامی کۆتایی نەبن، بەڵام گەڕانەکە جۆرێ لە دیالۆگ و هەستی نزیکبوونەوە دروست دەکات. خۆخستنەبری شاعیرەکان لە دۆخی خۆیاندا وەك ئەوەی تێکست تەعبیری لێدەکات و خۆخستنە جێ و ئاڵوگۆڕیی هەست و ئەزموونەکان وەکئەوەی بۆخۆم وەك تاراوگەنشینێك پێیاندا تێپەڕ دەبووم، دەبووە هۆکاریی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵیاندا، کە زۆر زیندووتر بوو لەوەی تەنیا شیعرەکانیان لەسەر کاغەز، بخوێنیتەوە، یان لەبەریان بکەیت بۆ تاقیکردنەوە لە قوتابخانەدا، یاخود تەنێ لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبی کوردییدا لێیان بنۆری..

نالی و مەحوی و حاجی قادر سێ لەو شاعیرانە بوون، کە هەر یەکەیان تایبەتمەندیی و قورسیی و ڕێگریی شیعریانەی خۆیانیان هەیە گەر بتەوێ لێیان نزیکبیتەوە. بۆیە هەر کات من دەمویست خۆمیان لێ بەرمە پێش، سنوورێك لە ئاستی زمانی و ئێستاتیکی و بەتایبەت بەلاغیدا لە نێوانماندا دروست دەبوو، کە ڕاپێچی دەکردمەوە ناو خۆم. ئەم پەنابردن و دەرکردنە، ئەم خۆدانە دەست و فڕێدانەوەیە، وایکرد بیر لەوە بکەمەوە، کە بە مەرجەکانی خۆم و بە گرتنەبەری میتۆدی جیاواز لەوەی شیعریی ئەم شاعیرانەی پێ خوێنراوەتەوە، جیهانێکی هاوبەشیان لەگەڵدا دروستبکەم.

لەم ڕوانگەیەوە، یەکەم بەرهەمم لە بواری توێژینەوەی شیعری کلاسیکدا بە نالی دەستپێکرد: (چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی شیعریی نالی: 1991)، پاشان "مەستوورە لە ڕوانگەیەکی ترەوە: لێکۆڵینەوەیەك لە ئیرۆتیکای شیعری نالی 1992"، دوای ئەوەش: "لە ستایشی کەردا 1997-2000"، ئەمجا: "نالی وەك کافکا: 2014"، کە پاشان هەموو ئەمانە لە (کتێبی نالی: 2015)دا بڵاو کرانەوە3.

ئەزموونی دووەمم لەگەڵ حاجی قادری کۆیی و چەمکی کات بوو لە شیعری ئەودا، کە لە کتێبی (هاوکاتی و هاوشوناسی: 2004)دا بڵاو کرایەوە، پاشانیش لەسەر لێکۆڵینەوەکانم بەردەوام بووم تا (کتێبی حاجی قادری کۆیی: 2016)ی لێ بەرهەمهات4. پاش ئەوەش و لەگەڵ ئەم بەرهەمانەدا دەستمکردبوو لە توێژینەوە لە مەحوی و هەندێکی ئەو توێژینەوانەم بەناوی (مەحوی: خود و شوناس: خوێندنەوەیەکی بوونخوازیانەی عیرفان)، لە هەفتەنامەی (باس)دا بڵاو کردنەوە.

---

[3] ڕێبوار سیوەیلی: **کتێبی نالی**. بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی و ڕێکخراوی زەریاب، هەولێر: 2015. ئەڵبەتە کتێبی نالی زیاتر لەوەی باسمکرد لە خۆی دەگرێت، بە تایبەتی باسەکانی وەك نالی لە نێوان دوو تێکشکان و نالی و ماچ و هتد..

[4] ڕێبوار سیوەیلی: **کتێبی حاجی قادری کۆیی: خوێندنەوەیەکی فەلسەفیانەی ئەزموونی شیعری**. هەولێر، بڵاوکراوەی: ئەکادیمیای کوردی و ڕێکخراوی زەریاب، 2016.

بەلاغە وەك ڕێگر:

لە هەموو ئەم ئەزموونە دوورودرێژەدا هەمیشە فیلتەری بەلاغە، چ وەك تەكنیكێك و داناییەكی تایبەتی بۆ تێگەیشتن لە شیعر و چ وەك پەردەیەك كە شیعری ئەم شاعیرانەی لێدەشاردمەوە ئامادەیی هەبوو. وشەی بەلاغە لە زمانی عەرەبییدا لە ڕەگیی (بەلەغە) وە وەرگیراوە بەمانای گەیشتن. لە زمانی قسە و نووسراویشدا بەمانای گەیشتن بە ئامانجی شوێن مەبەستی قسە و نووسراوەكەیە5. گەیاندنی مەبەست بە كۆتا مانای خۆی، ئەمە جگە لەوەی وشەكە بە مانای پێراگەیاندن، یان گەیاندنی مانای مەبەست بە باشترین شێوە تەفسیر كراوە6. هەر یەك لەم شاعیرانەی ئێمە و چەندانی تریش لە پێشینەكان (وەك خانی، جەزیری، مەولەوی و هتد)، لەناو ئەم تۆرەدا ماونەتەوە و وەكئەوەی تا لەم تۆرە بەلاغییە نەیانهێنیتە دەرەوە، بۆ نەوەی ئەمڕۆ كە هیچ مەراقی نیە سەرەتا فێری بەلاغە ببێت تا بیانناسێت، شیاوی تێگەیشتن نین. تێگەیشتنی بەلاغیانە لە شیعری ئێمە بۆخۆی ڕێگرێكە لەبەردەم تێگەیشتن و خوێندنەوەی میتۆدیانەی دیكەدا. پێچ و دەورانی بەلاغی ڕێگری زۆر بۆ تێگەیشتنی خوێنەر دروستدەكات، ئەمەش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی بەلاغە بۆخۆی تەكنیكێكی ئاڵۆز و ئاستێكی تایبەتی لە زیرەكی دەوێت بۆ شارەزایی پەیداكردن تێیدا، بەڵكو لەبەر ئەوەی بەلاغە بەشێكیشە لە ئادیۆلۆژیای سەردەستە و خۆسەپێن7. لەوەش بترازێت هەر لەسەرەتاوە عەرەبەكان لەسەر ئەو بڕوایە بوون كە بەلاغە پەیوەندییەكی پتەوی بە عەرەبیبوونەوە هەیە و ئەوانەی "عەرەبزمان نیین تێگەیشتنیشیان لە سنوور و ڕاستەقینەی بەلاغەتی قورئان ئاسان نابێت"8.

قسە ئەوە نیە كە بەلاغە ناتوانێت زانیارییمان لەسەر شیعر بداتێ، یان لە ڕێگەیەوە لە دەقی شیعری تێبگەین، هەروەها قسەش لەسەر ئەوە نیە كە ئەم شاعیرانە بۆخۆیان بە ویستی خۆیان لەسەر ئاستێكی بەرزی بەلاغیانە گوزارشیان لە خۆیان نەكردووە، قسەكە لەسەر ئەوەیە كە دواجار هونەرەكانی، یان وەك دەگوترێ "زانستەكانی بەلاغە"9 بۆخۆی لە چوارچێوەیەكی تایبەت و تا ئەندازەیەك فەندەمەنتاڵیستیانە10دا لێكدانەوە بۆ دەق دەكات، كە ڕیگرە لەبەردەم تەفسیر وڕاڤەی دەقدا وەك ئەوەی بۆ نمونە خوێندنەوەی میتۆدی هێرمنۆتیكی، یان دیاردەناسانە، داوای دەكات.

بەلاغە پنتی بەهێزی خۆی زۆرە، وردەكاری زۆری تێدایە و نهێنی و كەلێنە زمانی و ماناییەكانی شیعر بە جوانی بەسەر دەكاتەوە و چۆنیتی خۆشخوانی وڕۆنانی مانا و كاریگەریی زمان شییدەكاتەوە11، بەڵام مانا ئازاد ناكات، سەقامگیریی دەكات، لە چوارچێوەی دەگرێت وڕێگرە لە فرە مانایی و فرە شیكاری و فرە ڕاڤەیی. لێرەوەیە كە بەلاغە خوێندنەوەیەكی

---

[5] امیری خراسانی، احمد و پور یزدان پناه کرمانی، آرزو، «***سهم ایرانیان در تکامل و تحول علم بلاغت***»، پژوهشنامهٔ نقد ادبی، دورهٔ 1، شم 1، 1391.

[6] انوار، امیر محمود و همکاران، «***مبانی زیبایی‌شناسی استعاره از دیدگاه عبدالقاهر جرجانی***»، پژوهشنامه زبان و ادبیات فارسی، سال دوم، شم 8، 1389.

[7] https://rasekhoon.net/article/print .

[8] د. عبدالحسین زرین کوب: اشنایی با نقد ادبی.تهران: انتشارات سخن، چ: هفتم، 1383، ص: 313.

[9] محمد أحمد قاسم -محيي الدين ديب: **علوم البلاغة** «البديع والبيان والمعاني». المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس –لبنان, 2003.

[10] ئەم قسەیە لە پەیوەندیی بە دەقی یەكەم و دەقی پیرۆزی بەلاغەوە، كە قورئانە، دەكەم. بەمجۆرەش پەیوەندیی بەلاغە وەك تەكنیكێكی ڕەخنەیی لەگەڵ قورئاندا وەك دەقێكی دینی، پەیوەندییەكی فەندەمەنتاڵیستیانەیە و قورئان دەبێتە دەقی سەلەف، یان بنەڕەتیی بەلاغە.

[11] لە بارەی گرنگیی بەلاغەوە، بڕوانە ئەم وتارە درەخشانە:

- أسد جابر أبو لبيدة: **استعاره در بلاغت عربى**: فراخوانی برای نوآوری. مترجم: أتنا پوشنه، (ویرایش: لیلا صادقی): http://www.leilasadeghi.com/naghd/translations/478-belaghat.html.

فەندەمەنتاڵیستیانەیە بۆ دەقی ئەدەبیی، ئەویش بە پێوەرکردنی زمانی عەرەبی و قورئان بەتایبەتی و لەویشدا سەرمەشقە ئیعجازییەکانی قورئان[12].. هەرچەندە پاشتر ئەوە پتر ڕوون دەکەمەوە، بەڵام بۆیە بەلاغە بە خوێندنەوەیەکی فەندەمەنتاڵیستیانە ناو دەبەم، چونکە چاوگ و ئینتیما و بنەوانی ئەم شێوەزانستە، خۆی دەباتەوە سەر دەقی ئایینی و بەتایبەتی قورئان وەك ئەوەی کەلامی پیرۆزی خودایە.

لە بەلاغەدا زانینی پێشینە لەسەر هونەرکاری، یان "زانست"ـەکە خۆی، پێشمەرجی تێگەیشتنە لە نهێنی دەقەکە، بەمەش دەق دەکەوێتە پەراوێز و شارەزایی مرۆڤ لە بەلاغەدا دەبێتە سەنتەر و بنەما و گرنگێتی پێشینەیی وەردەگرێت. خودی بەلاغە ڕێگرە لەبەر دەم تێگەیشتنێکی بێ لایەن لە پەیامی دەق، ئەو زانینەی دەمانباتەوە سەر تێگەیشتن لە بەلاغە خۆی، ڕاستەوخۆ ئەو زانینە پێویستە نیە کە بۆ تێگەیشتنی دەق پێویستیمان پێیەتی. بۆیە زانین لەسەر بەلاغە تەواوکەری ئەو زانینە نیە کە بۆ تێگەیشتن لە دەق پێویستە، بەڵام ڕێگرێکی پێشینەیە لەبەر دەم گەیشتن بەو  زانینەی کە بۆ تێگەیشتن لە دەق پێویستە. بەلاغە بەس نیە بۆ خوێندنەوەی "گشتمەندی" دەق. بەم پێیەش بەلاغە فەرزی دەکات کە لە پێشدا ئەو زانینە بەدەست بهێنریت کە بۆ تێگەیشتن لە خۆی پێویستە ئەمجا خۆی وەك کلیلی تێگەیشتن لە دەق بەرجەستە دەکات.

بەم پێیەش بێت و بە تێگەیشتنی من، بەلاغە وەك ڕەخنەی ئەدەبی نیە، کە زانستێکی بابەتی بێت لە پێناو یان خزمەتی تێگەیشتن لە دەق و کۆمەڵێك زاراوەی کلیلئاسامان بداتێ تا بە هۆیانەوە و بەشێوەکی ورد لە مانا و پەیامی دەقێك تێبگەین. "بەلاغە زانستێکی فێرکاریانەیە بۆ ئەوەی بزانین چۆن بتوانین بە شێوەیەکی سنووردار گوزارش لە مانا و مەبەست بکەین، چۆن بتوانین مانا و سۆز و هەڵچوون تەفسیر بکەین و چۆنیش شێوازێك داڕێژین بۆ مەبەستەکانمان. بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی زانستێکی وەسفییە، خاوەنی کۆمەڵێك بنەما و ڕێسای ڕەخنەگرانەیە کە شیاوی ئەوەن لەکاتی هەڵسەنگاندندا لەسەر دەق تاقیبکرێنەوە و پاش شییکردنەوە و تەفسیرکردنیش هەڵبسەنگێنرێن ئاخۆ چەندە شیاو بوون بۆ پەسەندکردنی دەقەکە، یان ڕەتکردنەوەی"[13].

بەم پێیەش بێت زانین لەسەر بەلاغە سنوورداره و لە چوارچێوەی ڕێساکانی خۆیدا بەند دەبێت و شاعیر هەرچەندە ڕۆشنبیریشی زیاتر بێت، هەر دەبێت لە چوارچێوەی زانستە ناچارەکییە بەلاغییەکەیدا شیعر بهۆنێتەوە، بەڵام هەرچەندە ڕۆشنبیریی ڕەخنەیی زیاتر بێت ئەوەندەش خزمەت بە پتەوکردنی دەق دەکات. بۆیە زانینی بەلاغیانە لە پێش نووسینی دەقدا پێویستە تا لەژێر ڕێنماییەکانیدا دەق جڵەو بکرێت و بەو جۆرە بنووسرێت کە دەسەڵاتی بەلاغە دەیەوێت، بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتن بە دەق ئەو زانینە کۆتایی پێدێت، لە کاتێکدا زانین و ڕۆشنبیریی ڕەخنەیی لە پێش و هاوکات و لە پاش داهێنانی دەقیشدا کارایی خۆی لەدەست نادات. لەبەر ئەوە "ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆحی زانست و ڕۆحی هونەر و داهێنان یەکدەخات و پردێك لە نێوان "خود" و "بابەت" ڕایەڵ دەکات" و دەبێتە هۆی تێکەڵکردنی جیهانی خوێنەر و جیهانی نووسەر، یان دەق، لە کاتێکدا بەلاغە  هەمان پری زانین لەسەر نووسەر و خوێنەریش دەکاتە پێشمەرج بۆ هەڵێنجانی مانایەکی تایبەت لە دەق. بۆیە بەلاغە بە پلەی یەکەم گوتارە، یان بەشێکە لە ئادیۆلۆژیایەکی ئاراستەکەر بۆ ئەوەی بە جۆرێکی تایبەت لە مانای دەق تێبگەین کە دەیباتەوە سەر مەبەستێك و مەرامێکی تایبەت و دەیخاتەوە خزمەتی مەبەستێك، کە ئامانج لیی بریتە لە کەمکردنەوەی سیحر و ئەفسوونی دەق لە ئاست ئەفسوون و ئیعجازی قورئاندا..

---

[12] http://forums.ksu.edu.sa/showthread.php .

[13] د. محمد بكر سلمى: ***البلاغه و النقد***. 2009، لە: http://dawheladab.ahlamontada.net.
هەروەها بڕوانە ئەم کتێبە بە نرخە:
- الدكتور عبداسلام المسدى: **الادب و خطاب النقدى**. ط،1، دار الكتاب الجديد المتحده. بيروت: لبنان، 2004

ئەڵبەتە لێرەدا دەبێت ئەوڕاستییە بە یاد بهێنمەوە، کە بەلاغە، بە هەر سێ لقەکەیەوە: (بیان، معانی و بدیع)، یان چوارەمین لقیشییەوە: (الفصاحة)[14]، (تەکنیك و هونەر)ێکی قورسە و تەنیا دەستەبژێرێك دەتوانن شارازەی بەکارهێنانی ڕێ وڕەسمەکانی بن. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە بەلاغەی عەرەبییە، نەك بەلاغەی هیندی و نەك "ڕیتۆریك" (Rhetoric)[15] وەکئەوەی لە نەریتی ڕەخنەی ئەدەبیی یۆنانی، ڕۆمانیی و ئەوروپیدا بەکار دەهێنرێت[16].

بەلاغەی عەرەبی و کاریگەریی لەسەر زمانانی دیکەی ناوچەکە، لە وانەش زمانی کوردی، لەسەر شوناسبەخشیی زمان و تواناکانی زمانی دایکی بۆ بەرجەستەکردنی شوناس و پێویستیی مرۆڤ بە گوزارشکردن لە خۆی لە چوارچێوەی توانایییەکانی زمانی داییکدا، توێژینەوەی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە. پەیوەندیی بەلاغە بە زمانی عەرەبییەوە و تەماشاکردنی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی پیرۆز چونکە قورئانی پێ هاتۆتە خوارەوە، وایانکردووە پەیوەندیی ئەم زمانە و زمانانی دی "نایەکیسانی"یەکی تێبکەوێت و لە "پەیوەندی"یەوە ببێتە "پێگە".

2

پرۆسەی غەزووی ئایینییش، کە وایکرد زمانی عەرەبی ببێتە زمانی فەرمی لەو شوێنانەدا کە سوپای ئیسلام بە زۆر، یان لە ئەنجامی ڕێککەوتنەوە داگیری کردبوون[17]. لێرەشەوە دەتوانین بزانین کە زمانی عەرەبی پەیوەندیی (relation)ی لەگەڵ زمانانی دیکەی ئەو گەلانەدا نەبووە کە ئیسلامیزەکراون، بەڵکو پێگە (position)ی هەبووە و هەیە، لە ئاستیاندا. بەلاغەش بۆتە فیلتەری ئەم زمانە و ستاندارده ئێستاتیکیە پیرۆزەکەی. لەبەر ئەوەیە دەڵێم بەلاغە هەر تەنیا کۆمەڵێك مەهارەت و تەکنیك و هونەرکاریی زمانیانەی زمانی عەرەبی نیە، بەڵکو بەشێکیشە لە گوزارشکردنێکی ئێستاتیکیانە و ئایدیۆلۆژیانەی ئایینی ئیسلام وەك ئەوەی کە ئایینێکی عەرەبییە بە پلەی یەکەم و لە دەسەڵاتدابووە بە پلەی دووەم.

دیارە سەرچاوە و هۆکارەکانی دروستبوونی بەلاغەی عەرەبی پەیوەندیی بە خوێندنەوە سەرەتاییەکانی عەرەبەکانەوە هەیە بۆ قورئان. ئەمەش لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە دەستپێدەکات، پاشانیش پەرینەوەی کردەکیانەی ئەم هونەرە بۆ بەکارهێنانی لەبواری دەقی ئەدەبیدا و کردنی بە (زانستێکی عەرەبیانە)، کە من بە گومانێکی زۆرەوە وشەی زانست بۆ بەلاغە بەکار دەهێنم. بەمجۆرەش تا سەدەی پێنجەمی کۆچی بەتەواوی هونەری بەلاغە جێی خۆی دەگرێت و وەك پێویستییەك بۆ خوێندنەوەی دەق، یان ئاستێک لە ئاستەکانی دەق، یان ڕووماڵکردنی دەق لەسەردەمی خۆیدا، وەك زانستێکی بەرهەمهاتووی عەرەب، لە چوارچێوەی نەرێتی عەرەبیی ئیسلامیدا، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و وەك زانستێکیش دەبێتە پاشکۆی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی لە پرۆسەی غەزووی ئەو گەلانەدا کە لەلایەن لەشکری ئیسلامی بەراییەوە، بەزۆر مسوڵمان کراون، یان ئایینەکەیان وەرگرتووە.

بۆیە من پێمخۆشە بەلاغە وەك زانست ناو نەبەم، چونکە چ ئەم ناونانە لەسەر دەمی خۆیدا لەم هونەرکارییە زمانەوانییە نرا بێت، یان دوایی لە ژێر کاریگەریی هەستی لە خۆتێگەیشتنی عەرەبەکاندا بۆ خۆسەپاندنی پتر لە ڕووی زەوقییەوە، وشەی (زانست)ـەکەی پێوە لێکنرابێت، یاخود پاشتر وەك ئامرازێکی خۆسەپاندنی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامیی کاریگەریی وڕۆڵی

---

[14] http://www.alecso.org/bayanat/arabic_rhetoric.htm.

[15] بۆ تێگەیشتنێکی ورد لە مانای ڕێتۆریك لە ڕۆشنبیریی ئەوروپیدت، لە پاش نەرێتی ئەریستۆیی بۆ ئەم بابەتە، بڕوانە: ا.أ ریتشاردز: **فلسفه البلاغه**.ت: سعيد الغانمی و د.ناصر الحلاوی. أفريقيا الشرق، 2002

[16] لەم بارەیەوە لە زمانی کوردیدا کارەکانی مامۆستا (پ. د. کامیل حەسەن ئەلبەسیر)ی کۆچکردوو، جێی ئاوڕ لێدانەوە و سەرچاوەی ڕەسەنن.

[17] امين الخولی: **نو انديشی در علم بلاغت**: ترجمه : سيد محمود طيب حسينی. لە : https://rasekhoon.net/article/print.

خۆی بۆ دەستنیشان کرابێت، بەلاغە بۆ من بەشێکە لە گوتارێکی سەردەستەی عەرەبیی ئیسلامیانە کە شانبەشانی کۆنترۆڵکردنی سیاسیی و سوپایی خاك و کولتووری گەلانیتر، ڕۆڵی بینیوە لە کۆنترۆڵکردنی زەوق و سەلیقەی ئەو گەلانەدا بە پێوەرە عەرەبییە ئیسلامییەکان و بۆ ناچارکردنی ئەو گەلانە، تا بەو پێوەرانە جۆرە ئەدەبیاتێکی بەرز بئافرێنن، کە تواناى هەبێت پێوەرەکانی بەسەردا پراکتێك بکرێت و لەوێوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

بەمجۆرەش ستانداردێکی زەوقی و چێژئامێزانەی عەرەبی ئیسلامی دەکرێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زەوقی و سەلیقەی گەلانی غەیرە عەرەب، کە پێشینەیان لە کولتووری دورگەی عەرەبییدا نەبووە. لەبەر ئەوە بەلاغە ناتوانیت زانست بێت، چونکە گوزارشێکی ئۆبژەکتیڤ نیە لە دیاردەیەك، یان ڕاستییەکی گشتی بەیان ناکات و ناکرێ بشکرێتە یاسایەك. بەڵکو  تەنیا گوزارشە لە ئاستی زەوقێکی ئەدەبیی و چێژێکی تایبەتی عەرەبی ئیسلامی، کە تایبەتمەندی زمانی عەرەبیی و بەتایبەتیش زمانی قورئان ئەو زەمینەیەی خۆشکردووە. ئەمە جگە لەوەی ئەم بەناو زانستە، کۆلاژێکە لە هونەری بەلاغەی هیندی و یۆنانیی و ئێرانیی کۆن18.

بوونی ڕەگەزیی عەرەبی و ئیسلامیی و بنەچەی قورئانیانە و زمانیانەی زمانی عەرەبی لە بەلاغەدا ڕێدەگرێت وەك زانستیکی سەربەخۆ تەماشای بکەین، ئەگەر ئەم تەماشاکردن و ناونانە بۆ مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی نەبێت. بەلاغەش هەرگیز هیچ پێناسەیەکی ئۆتۆنۆم، یان سەربەخۆی بۆخۆی نەکردووە، یاخود هیچ هەوڵێکی خودهووشیارانەی نەداوە بۆ خۆ دەربازکردن لە بنەما عەرەبی/ئیسلامیەکەی و لە چوارچێوەی وڵاتانی ئیسلامیشدا، بە دەگمەن بەلاغە وەك بەشێکی سەربەخۆ تەماشا کراوە، بەڵکو هەمیشە لە پەیوەندیی بەو دوو بنەمایەوە، کاری خۆی کردووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەلاغە توانای ڕەخنەکردنی خۆی پیشان نەداوە، بۆ ئەوەی وەك زانستێکی سەربەخۆ، یان دیسیپلینێکی سەربەخۆ دەرکەوێت..

## بەلاغە وەك ئۆریەنتاڵیزم، ئۆریەنتاڵیزمی بەلاغی:

دەمەوێت لێرەدا تیۆرە و دۆزینەوە فیکرییەکەی ئێدوارد سەعید19ی بە ڕەگەز فەلەستینیتان بیر بخەمەوە، کە چۆن لە کتێبی (خۆرهەڵاتناسی :Orientalism, 1978)، خستیە ڕوو. من یەکەمجار ئەم کتێبەم بە زمانی عەرەبی و بە وەرگێرانیی د. کەمال ئەبوودیب خوێندنەوە، کە بۆخۆی پێشەکییەکی زۆر جوانیی بۆ نوسیبوو. ئەمە لە نەوەدەکان و لە هەڕەتی گەنجێتیمدا بوو، کە زۆر باش لە وردەکارییەکانی کتێبەکە تێنەگەیشتم. پاشتریش چەند جارێکی دی بە زمانی دیکە، بە تایبەتی بە زمانی دانمارکی و فارسی کتێبەکەم خوێندەوە و باشتر لێی حاڵی بووم20. بەلای منەوە ئەم کتێبەی سەعید کەشفێکی داناییناسییانەیە بۆ پرۆسەیەکی مێژوویی لە مێنتاڵیتەی ئەوروپی و خۆرئاوادا. سەعید، بەڵگەی زۆر بۆ ئەو ڕاستییە دەهێنێتەوە، کە ئەو (خۆرهەڵات)ـەی لە ئەدەبیاتی "خۆرهەڵاتناسیی ئەوروپایی"دا باسیکراوە و لە چەندین کتێبی ئەکادیمی و سەفەرنامەدا وێناکراوە، پەیوەندیی بە خۆرهەڵاتیی مێژوویی و جوگرافیایی و کولتوورییەوە نیە و زادەی ئەو وێناکردنانەیە کە مرۆڤی خۆرئاوایی لەسەر خۆرهەڵاتێکی خەیاڵلێکراوە و هێنراوە پێشچاو، پێویستی پێی هەبووە. بەمجۆرەش خۆرهەڵاتناسیی وەك دیسیپلینێك، یان ڕوانگەیەکی

---

[18] امین الخولی: **نو اندیشی در علم بلاغت**: ترجمه :سید محمود طیب حسینی، سەرچاوەی پێشوو..

[19] شوان ئەحمەد: **سەرەتایەکی کورت دەربارەی ژیانو بەرهەمەکانی "ئیدوارد سەعید" لە**: ttp://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=3835&type=farhang ، 2016.

[20] Edward W *Said*: **Orientalisme- vestlige forestillinger om Orienten.** Roskilde. Universitetsforlag. Oversat af John. Botofte, 2002 .

ئەوروپایی بۆ خۆرهەڵات (بە تایبەتی دنیای عەرەبی و عوسمانی و خۆرهەڵاتی ئەفەریقی)، کە پڕە لە سوڵتان و حەرەم و ژنی نیمچەڕووت و فەزایەکی ئیرۆتیکی، هیچ پەیوەندیی بە خۆرهەڵاتیی واقیعییەوە نیە کە پڕ بووە لە مرۆڤی ڕەنجکێش و ستەمدیدە و چەوساوە..

لێرەشەوە دەکرێ ئەنجامێکی کورت لە تێزەکەی سەعید بەوە وەربگرین کە: خۆرئاوا لە "دیسیپلینی خۆرهەڵاتناسی"دا، "خۆرهەڵاتێکی تایبەت بەخۆی" دروستکردووە تا بتوانێت بیکات بە جێنشین و پڕکەرەوەی ئەو بۆشاییەی لە ژیانی خۆیدا وەك بەدیلێکی بەهەشتیانە و فەنتازیکراو، پێویستیی پێی هەبووە. بەمجۆرەش گوتاری خۆرهەڵاتناسی وەك زانستێك و ئاستێك لە ڕۆشنبیری خۆرئاواییەکان، دەبێتە جێگرەوەی خۆرهەڵاتیی واقیعی و ژیانەکی مرۆڤە خۆرهەڵاتییە واقیعییەکان. لەوەش زیاتر خۆرهەڵاتناسی وەك دیسیپلینێك، دەبێتە پێوەرێك و ستانداردێك بۆ هەڵسەنگاندنی خۆرهەڵاتێك کە جوگرافیا و مێژوو و کولتورێکی تایبەتە بۆ مرۆڤەکانی ناوی بە جیاواز لەوەی چۆن لە خۆرهەڵاتناسیدا وەك گوتارێك، باسکراوە.

بەلاغە لە دنیای ئێمەدا هەمان ڕۆڵ و کاریگەریی "زانستی" خۆرهەڵاتناسی ئەورووپی بینیوە، کە ئەم خۆرهەڵاتناسییە بە نیسبەت ناسینی خۆرهەڵاتەوە بینیویەتی: سەپاندنی بۆچوون و وێناکردنەکانی مرۆڤی ئەورووپی و خستنەڕوویان وەك بۆچوون و ڕاستەقینەی خۆرەهەڵاتی واقیعی و کردنیان بە "پێوەری زانستی" بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو خۆرهەڵاتە. بەلاغەش گوتارێکی عەرەبی ئیسلامیانەیە کە پتر لەوەی گوزارش لە چییەتی زەوقی عەرەب بکات، گوزارش لە دەسەڵاتێکی زەوقیی عەرەبی دورگەی عەرەبی لە دەمەی بە شتبوونیان21 لە ڕێگەی ئیسلامەوە، دەکات، کە بەهۆیەوە زەوقی میللەتانی دی دەخرێتە ژێر زەبری هەڵسەنگاندنی زەوقی عەرەبییەوە. بەمجۆرەش وەکئەوەی من دەیبینیم و بە بیرکردنەوە لە تێزەکەی مێشێل فوکو لەبارەی پەیوەندیی دەسەڵات و زانین، بەلاغە لە کۆمەڵە تەکنیکێکی زەوقی/زمانییەوە دەبێتە ئامرازێك بۆ ڕکێفکردنی ئەدەبیاتی گەلانی بە مسوڵمانکراو، تا بە پێوەرەکانی زەوق و سەلیقەی عەرەبیانە هەڵبسەنگێنرێن و زمانی عەرەبی و بەکارهێنانە قورئانیەکەی ئەم زمانە بکرێتە چەق و پێوەر بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ئەدەبیاتی گەلانیی تر لە چوارچێوەی زمانی دایکیدا سنووردار بکرێت، یان ناچار بە بەخۆداشکانەوە بکرێت لەبەر ئەوەی لە ڕووی بەلاغییەوە وەکو زمانی عەرەبی نەبوون، یانژی لەپێشچاوبخرێن لەبەر ئەوەی وەك زمانی عەرەبی، قورئانیان پێ نەهاتۆتە خوارەوە. زمانی عەرەبی لەمڕوانگەیەوە، وەك (جاحظ) گوتویەتی: "تاقانەیە و هیچ زمانێکی دی هاوتای ناکات و لەسەرووی هەموو زمانەکانەوەیە. ئەو پێوەرانەی بەسەر زمانەکانی دیکەدا پراکتیك دەکرێن، بەسەر زمانی عەرەبییدا ناگونجێن. بۆیە ئەم زمانە لە ڕوانگەی بەعزێکەوە وەك خودا وایە، مرۆڤ دەستی پێراناگات: "جگە لە پێغەمبەر کەسیتر نایتوانێت22.

دەبێت لەناو ئەم بۆچوونە و چەندانیتری هاوشێوەیدا کە بە درێژایی مێژوو دووبارەکراونەتەوە، ئەو ڕۆحە داگیرکارییەی عەرەبی/ئیسلامیە بدۆزینەوە کە بەردەوام ئیشی لەسەر تێهەڵکێشکردنی عەرەب و ئیسلام کردووە و وەك دوانەیەکی لێکدانەبڕاو خستوونیەتەڕوو بە جۆرێ کە ئیسلامبوون بکاتە پێشنووسێك بۆ بوونە عەرەب و عەرەببوون بکات هۆکاری ئیسلامبوونێکی ڕاستەقینە23. ئەمەش بەوەی کە مێژوونووس، فوقەهائەکان و زانا عەرەبە مسوڵمانەکان، بە

---

21 مەبەستم لە بەشتبوونی عەرەبەکان لە ڕووی کیانی سیاسیی و ئایینی و ئایدیۆلۆژیی بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە، دەنا لە ڕووی ژیارییەوە، عەرەبەکانیش وەك نەتەوەکانی سەردەمی خۆیان خاوەنی ژیار و کولتور و تایبەتمەندیی خۆیان بوون.

22 أدونيس: الثابت و المتحول: 1,ص: 99

23 ئەمە تێزی زۆربەی تیۆریزیکەرانی حزبی بەعس بوو، بۆ نمون: (شبلی العیسمی: **حزب البعث العربی الاشتراکی 1**، مرحلة الاربعینات التاسیسیه 1940-1949. دار الطلیعه للطباعه و النشر، بیروت 1974، شبلی العیسمی: **حزب البعث العربی الاشتراکی، القیاده القومیة**: المنهاج الثقافی المرکزی، کتاب الاول،

درێژایی مێژوو و بە پشتبەستن بە قورئان و پاشانیش لەژێر ڕۆشنایی ئەم کتێبە دا، چەندینجار فەزڵی عەرەبیان بەسەر میللەتانی دیکەدا داوە و ئەمەشیان بەکارهێناوە بۆ گەورەکردنی «من»ـی عەرەبی و دەستەمۆکردن وماڵیکردنی شوناسەکانی دی لەژێر سێبەری ئەم شوناسەدا. ئەمە جگەلەوەی ویستویانە لەم ڕێگەیەوە ناسنامەی ئیسلام پەیوەست بکەن بە ناسنامەی عەرەبییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەس هێندەی بەعسییەکان ئەم مەسەلەیەیان تیۆریزە نەکرد. مێشێل عەفلەق، لە کتێبی «لە پێناوی بەعس»دا، کە پاشتر بووە سەرچاوەی ڕۆحیی بەعسییەکان؛ پێیوایە: ئیسلام لە دایکبووی ژیاری عەرەبە و لە دایکبوونی پێغەمبەر بە لە دایکبوونی «عەرەبیزم» ناو دەبات"، لە شوێنێکی دیکەدا نووسیویە: "ئیسلام بزاڤێکی عەرەبییە، ئەو زمانەی پێی هاتۆتە خوارەوە عەرەبییە، تێگەیشتنی ئیسلامیانە بۆ شتەکان بە چاوێکی عەرەبیانەیە و مسوڵمانیش بێجگە لە عەرەب کەسێتر نیە"24.

لەم تێڕوانینەدا، لەلایەکەوە هەوڵدانێکی جیدیی هەیە بۆ تێهەڵکێشکردنێکی بەعسیانەی نێوان چەمکی ئایین و چەمکی سیاسەت و لەوێشەوە سیاسیاویکردنی دین؛ لەلایەکی تریشەوە هەوڵ دەدرێت ئایین ببەسترێت بە ڕەگەزەوە. هەر ئەم تێهەڵکێشکردنەیشە وادەکات بەعسییەکان بەچاوێکی نزم تەماشای ئەوانە بکەن کە وەك غەیرە عەرەب مسوڵمان بوون. چونکە ئەوەی شایەتمان بە ئایینی ئیسلام دەهێنێت، شایەتمان بەناو زمانێکدا دەهێنێت، یاخود بە زمانێك دەیهێنێت کە زمانی عەرەبە و بە پەیامبەرێکی دەهێنێت کە بەرجەستەکەری عەرەبایەتییە و هەڵبژاردنی عەرەبیش بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەزیلەتانەی کە تەنیا لە عەرەبدا بە کەماڵ گەیشتوون. کەواتە شایەتمانهێنان و مسوڵمانبوونی ئەوانیتر بۆ ئەوەیە لەسایەی پێگەیشتن و کەماڵی فەزیلەتەکانی عەرەبدا، کەموکوورییەکانی خۆیان پڕ بکەنەوە.

3

بێگومان بەعسییەکان ئەم جۆرە بۆچونانەیان لە میراتی عەرەبی/ئیسلامییەوە بۆ ماوەتەوە. پێشینەی ئەو میراتە جۆرە بیروڕایەکی ئەوتۆی لەسەر لەخۆتێگەیشتنی عەرەبە مسوڵمانەکان خوڵقاندبوو کە هەر دەبوو بەرەنجامێکی وەك بەعسیبیەتی لێبکەوێتەوە. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەم ڕاستییە، تەنیا دوو نمونە لە نوسینەکانی (شافیعی و ئەبو حەییانی تەوحیدی) دەهێنمەوە، کە لە تێڕوانینیاندا بۆ پەیوەندی نێوان عەرەب و ئیسلام و عەرەبیزەکردنی ئایینەکە، چەندە نزیکن لە زمانی مێشێل عەفلەقەوە. شافیعی لە (الرسالە: ل: 42، رقم: 138) نوسیویەتی: «فبقدر ارتباط العرب بالاسلام ارتبط الاسلام بهم. فليست الهوية الاسلامية هوية هوائية طائرة، بل انها مرتبطة باالعرب و العربية ارتباطا لا تنفصم عراه. فهم الاسلام و الاسلام هم او لسانهم»25. هەروەها تەوحیدی لەبارەی نەتەوەی عەرەبەوە دەڵێت: «أعقل الامم لصحة الفطرة، واعتدال البنيه، و صواب الفكر، و ذكاء الفهم»26.

لێرەدایە کە زمانی عەرەبی لەو تەفسیرە ئایدیۆلۆژییەیدا نەك هەر لە زمانانی دی جیادەکرێتەوە، بەڵکو بەرزتریش دەکرێتەوە لە ئاستیاندا. بەمجۆرەش پرۆسەی بە عەرەبکردن و بە

---

بغداد 1977، شبلی العیسمی: **العرب مادة الاسلام**. بغداد, اوفسیت الرافد. 1984. میشیل عفلق: **فی سبیل البعث**. دار الطلیعه، بیروت ط. الحادیه عشرة. 1974..)

[24] میشیل عفلق: فی سبیل البعث، ص: 127

[25] الشافعی: الرسالە. تحقیق: احمد شاکر 1939م، ص42، رقم138. لە کتێبەکەی (رضوان السید) گواستومەتەوە.

[26] من هەردوو دەقەکەم لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتوون: رضوان السید: مفاهیم الجماعات فی الاسلام (دراسات فی السوسیولوجیا التاریخیه للاجتماع العربی الاسلامی). بیروت 1993، ص 129 و ص: ئەویش لە: ابو حیان التوحیدی: الامتاع والموانسة 89/1 وەریگرتووە.

مسوڵمانکردن[27] تەواوکەری یەکتر بوون و لە هەر کوێدا بە مسوڵمانکردن بە هۆی هێز و سیاسەتەوە سەپێنرابێت، پرۆسەی بەعەرەبکردنیش لە ڕێگەی زمان و بەلاغەکەیەوە بە گەڕانەوە بۆ پیرۆزە ڕەهاکەی کە قورئانە جێبەجێکراوە. هەر بە ڕاستیش، کاریگەریی غەزووەکان لەسەر گەلانی ناوچەکە هیچ زیاتر نەبووە لە کاریگەریی زمان و بەلاغەکەی وەك چەکە تەواوکەرەکەی غەزوو. لە یەکەمیاندا ژیانی مادیی مرۆڤ و ئەو گەلانە کەوتوونەتە بەر شاڵاو، بەڵام لە داگیرکارییە بەلاغییەکەدا ژیانی ڕۆحیی و مەعنەوییان لێسەندراوەتەوە. ئەمەش لە دواخستنی زمانی دایکی و ئەوەی لە ڕووی ئیستاتیکی و مەعنەوییەوە پێویستە بەو زمانە دەربپردرێت و بۆ شوناسی ئەو گەلانە پێویست بووە، کاریگەریی بەرچاوی هەبووە. ئەم ڕاستییە لە دواکەوتنی نووسین بە زمانی کوردی، بە تەواوی دەبینرێتەوە.

کەواتە لەگەڵ باڵادەستکردنی بەلاغە لەناو کولتووریی عەرەبی/ئیسلامیدا، ڕێخۆشکەرییەك ڕوویداوە و میکانیزمەکانی ترساندن و دەستپێهەڵگرتنی گەلانی بە مسوڵمانکراو لە زمانی خۆیان، بە سووك و بێهێز تەماشاکردنی زمانی دایکی و لە پێشچاوکەوتنی، هاوکات بە پەنابردنی ئەم گەلانە بۆ زمانی "دەوڵەمەند" و "بێ نمونە و "پڕ ئیعجازی"ی عەرەبی، وەك زمانی "سەردەستە"یی و "پیرۆز"، دەستی پێکردووە. بەمجۆرەش بەلاغە لە چوارچێوەی کۆمەڵە مەهارەتێکی زمانییەوە، دەبێتە هۆکارێکی دەسەڵاتمەندانەی گوشارخستنەسەر زمانانی دی، بۆ ئەوەی بچنە ژێر دەسەڵاتی زمانی عەرەبییەوە، هاوکات بە ڕەسمییەتپێدانی ئیداریانەی ئەم زمانە لە شوێنە داگیرکراوەکان، یان شوێنە بە زۆر مسوڵمانکراوەکان[28]. لێرەشەوە چۆن غەزووی ئیسلامی لە ڕووە سیاسییەکەیەوە، کۆتایی بە فرە کولتووری و فرە نەتەوەیی دەهێنێت و چەمکی (ئوممەت) دەکاتە شوناسێکی گشتمەند (Total)، بەسەر گەلانی غەیرە عەرەبەوە، ئاواش دەزگا ئایدیۆلۆژییە/جوانیناسانەکەی کە بەلاغەیە، کۆتایی بە فرە زمانی و فرەگوزارشکردن و فرەڕەنگی دەهێنێت و هاوکات بە پراکتیکردنی تۆتالیتاریزمێکی سووپایی، تۆتالیتاریزمێکی کولتووری و زمانیش دەکەوێتە گەڕ.

لێرەدایە، پێدەچێت شاعیرانی ژێردەستەی مسوڵمانی نێو چوارچێوەی کولتووری (عەرەبی/ئیسلامی)، یان (فارسی/ئیسلامی) و (عوسمانی/ئیسلامی)، لەوانەش کوردەکان، بۆئەوەی دانیان پێدابهێنرێت، لە بازنەکەدا بمێننەوە، یان خۆیان لەگەڵ باڵادەستی دۆخە سیاسییە/ ئایدیۆلۆژییە، بەلاغییەکەدا بگونجێنن، یان خۆیان بسەلمێنن، یان هەر خۆیان بە شاربەردەرکردن نەدەن، توانایەکی زۆریان بە خەرج دابێت بۆ ئەوەی لەکاری خۆیاندا وا پێشانی دەسەڵاتەباڵا سیاسیی و کولتوورییەکەی بدەن کە ئەمانیش شارەزاییەکی تەواوی بەلاغەی عەرەبین و لەو ڕێگەیەشەوە دان بنێن بە باڵادەستیی و پیرۆزیی زمانی عەرەبیدا و ئینیتمایان بۆ زمانی قورئان و ملکەچییان بۆ مەرجەکانی هەڵسەنگاندن بەپێی پێوەرە زەوقییە عەرەبی/ئیسلامیەکە، پیشان بدەن و بیسەلمێنن.

بەمجۆرەش، شیعری بە زمانی دایکی نووسراو، لە سەردەمەکانی باڵادەستیی مەرجە بەلاغییەکاندا، گرنگیی زۆر تایبەتی بۆ من هەیە، ئەمەش نەك لەبەر ئەو شارەزاییە زۆرەی شاعیرانی غەیرە عەرەب، لەوانەش کوردەکان، لە بەلاغەدا هەیانبووە، بەڵکو ڕێك لەبەر ئەوەی بزانین لەو دیو بەلاغەوە و لەگەڵ بەلاغە و لە غیابی بەلاغەدا چۆن گوزارشتیان لە خودی خۆیان و شوناس(identity)ی خۆیان کردووە. ئەمەش وادەکات ڕوانگەی خۆمان بۆ ئەم شیعرە لەو شوێنەوە کە بەشێکە لە مێژووی ئەدەبیاتمان و بە شێوەیەکی بابەتی لێی بکۆڵێنەوە، بگۆڕین بۆ ئەو شوێنەی کە بەشێکە لە شوناسی خودیانەی ئێمە و شاعیران لەناویدا هەوڵەکانی خۆیان بۆ

---

[27] ڕێبوار سیوەیلی: قەفەسی ئاسنین (یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!). هەرێمی کوردستان، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، 2003

[28] لەمبارەیەوە بگەڕێوە بۆ لێکۆڵێنەوەکەی شوان عوسمان مستەفا: **کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد**. (لێکۆڵێنەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە)، سلێمانی: 2002، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما.

جێهێشتووین که وەك کەسانی سەر بەنەتەوەیەکی جیاواز، خەباتیان لە پێناودا کردووە بە بەکارهێنانی ئەو مەرجە سەردەستەییانەی ئەویتر لەپێشی داناون و ئەوانە نەیانتوانیوە لێیان دەربچن. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك جار درزێك لەشێوەی سەرەتاتکێیەکدا بۆ خۆ بەرجەستەکردن لەودیو پێوەرە بەلاغییەکانەوە دەکەنەوە، کە ئەم درزە بۆ ئێمە گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم درزە درزی پەیوەندی و درزی گفتوگۆیەکیترە لەگەڵ ئەو شاعیرانە، کە دەبێت لەو زیندانە بەلاغیە بهێنرێنە دەرەوە.

گرنگیی نالی لە پەراوێزدا:

گرنگیی شاعیرێکی وەك نالی بۆ من لەوەدا نیە کە چیتر پێویست بێت بیسەلمێنین چۆن ئەم شاعیرەمان "ئەسپی خۆی لە بواری سەنایعی بەلاغیدا تاو داوە"، هیچ بۆ من گرنگ نیە شتێك بڵێم لەبارەی شارەزایی نالی لە زمانی عەرەبی و ڕۆشنبیریی مسوڵمانانەی ئەو و هونەرکاریی شیعریانەی ئەو لە چوارچێوە بەلاغیەکەدا بە هەموو بەشەکانیەوە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەو بەشەیە لە نالی، ئەو سەرەتاتکێکردنەیەتی لەگەڵ شوناسی خۆیدا، ئەو خۆدزینەوەیەتی لە کولتووریی باڵادەستی عەقیدەتی و ئایدیۆلۆژیی عەرەبیانە، ئەو پێخستنە ناو قەڵەمڕەوە حەرامانەی کە ئەو خۆی تێدا بینیونەتەوە و زمانی سەردەستە و دەزگا ئێستاتیکیەکەی مۆڵەتیان بە هێنانەدەنگیان نەداوە و ئەو لە زمانی کوردیدا گوزارشی لێکردون. بۆ من نالی ناو چوارچێوە ستانداردەکە هیچ گرنگ نیە، وەك مسوڵمانێك و مەلایەك گرنگ نیە، هێندەی ئەوەی نالی ناو پەراوێز و نالی ڕیزپەڕ و نالیی جیاواز گرنگە.

نالی بۆچی لە پەراوێزدا گرنگترە وەك لە خولگە و چوارچێوەی ستاندارده چاوەڕوانکراوە بەلاغییەکەدا؟ لەبەر ئەوەی کە نالی پەراوێز دەکاتە پنتی جیاوازیی و لەو جیاوازییەدا ئەو شتە تایبەتییەی کە شوناس بە ئەو، وەك کوردێك دەیبەخشێت، دێتە قسە، کە کولتووری سەردەستە، ئایدیۆلۆژیاکەی، ئایینەکەی و زمانەکەی بواری ناداتێ و بە پێی بنەما شەرعی و ستاندارده زەوقییەکە قەدەخەی کردووە، یان بەو ئاشکراییە قسەی لەسەر ناکات، بەڵکو وەك شتێکی نامۆ و بێزراو، بەکەم گیراو، بە زەوق و بیرکردنەوەی باڵادەست، دەستنیشانی دەکات. ئەمەش لەبەر ئەو ڕاستییە مێژووییەی کە ئەم زمان و کولتوور و ئایدیۆلۆژیا (دورگەییە عەرەبیە ئیسلامیە)، پابەندی شوێن و کەشی جوگرافایی خۆیەتی کە لێوەی سەریهەڵداوە و بە هۆیەوە تێگەیشتنێکی تایبەت لەسەر جیهان و ژیان و کولتووری خۆی بەرهەمدەهێنێت، کە جیای دەکاتەوە لە شوێن و ژینگە و کولتوورێکی دی کە بەزمانێکی دیکە گوزارشی کردووە لە خۆی.

بۆ ئەوەی ئەم نالییە لە پەراوێزدا، بناسین پێویستە ڕەخنەی بەلاغە بکەین و وەك فیلتەر و دیوارێکی جیاکەرەوە ببینین، یان وەك ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی و زەوقی و وەك ستانداردێکی گشتێنراوی سەپێنراو بیناسینەوە29، کە زەوقی عەرەبی/ئیسلامیانە بەسەر گەلانی غەیرە عەرەب و بەزۆر مسوڵمانکراودا دەسەپێنێت و بەهۆی کۆمەڵێك بنەماوە کە هەموویان لە زمانی عەرەبی و تایبەتمەندیەکانی زمانی قورئانەوە وەرگیراون، کۆمەڵێك بنەما دەخاتە لاوە کە لە تایبەتمەندیی زمانانی دیکەوە هاتوون. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم زمانانە زمانی باڵادەست و بە پێی تێگەیشتنە عەرەبی/ئیسلامییەکە: "پیرۆز" نین، بێبەش دەکرێن لە بەرجەستەکردنی تایبەتمەندیی و توانایی و ئیمکانیەتە ناوەکییەکانی خۆیان بۆ داهێنان و گوزراشکردن.

لێرەدایە دەبێت شک و گومان و جۆرێک لە ڕەخنە دەست پێ بکەین بۆئەوەی لەودیو بەلاغەوە، لەودیو هەیمەنەی دەزگای بەلاغییەوە بتوانین نالی وەک کوردێک لە پەراوێزدا بناسینەوە. جا ئەگەر ئەمە نەفەسێکی تێدابێت بۆ دووبارە ناسینەوەی نالی وەک کوردێک، وەک ئینسانێک،

---

29 پۆڵ ڕیکۆر: "*خەیاڵی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا*"، ل: 211 و 215.

بەدڵنیایی پێویستمان بەوە هەیە پەنا بۆ میتۆدگەلێکی دیکە ببەین، کە من بە درێژایی ماوەیەك و لە (کتێبی نالی)دا کارم پێکردووە، ئەویش میتۆدیی هێرمنۆتیکانەی توێژینەوەیە، کە بە بنەماگرتنی ئەزموونی سۆبژەکتیڤانە و هەڵپەساردنی کۆی مانا میراتیی و بۆماوەییەکان، بەدوای دۆزینەوەی مانای دیکەدا دەگەڕێت. لەم زەمینەیەدایە کە دەمەوێت زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێبدەم کە بەدەستکەوتی توێژینەوەکانمی دەزانم و لێرەدا وەك پێشنیار بۆ توێژەرانی گەنجی وڵاتەکەم دەیانخەمە پێشچاو تا بە وردەکاریی زیاترەوە کاری میتۆدیکی زیاتریان لەبارەوە بکەن:

یەکەم: جێهێشتنی قەڵەمڕەوی حەرام:

من لەو ڕوایەدام نالی یەکێك لەو شاعیرانەیە کە توانیویەتی قەڵەمڕەوی ئەوەی کە لە شەریعەتی دینیی ئەودا بە (حەرام) دەستنیشان کراوە و نابێت لە ئەدەبیاتی بەرزی کلاسیکدا باس بکرێت و بابەتی توێژینەوەی بەلاغییش نییە، ئەویش قەسیدەکەیەتی بۆ مەستوورە کە تیایدا بە پێچەوانەی کۆمەڵێك شیکردنەوەی شەرمن و سەپاندنی میزاجیانە بەناوی ڕەخنەوە، ستایشێکی بەرزی ئیرۆتیک، و پەیوەندی ئێرۆتیکیانەی (من:ego) بە (خۆی:self )ـەوە و ئارەزووی (نێر) و (مێ) بەیەکترەوە و (من) بۆ (ئەویتر) دەکات. لەم پەیوەندیانەدا، جگە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی، ڕەهەندە فەلسەفی و سایکۆلۆژییەکەش بایەخێکی تایبەتیان هەیە و شیعری نالی دەکەنە بابەتی توێژینەوەیەکی فرەڕەهەند. نالی بەم کارەی گورزێکی گەورەی وەک کوردێک وەشاندووە، کە دەرچەیەکی دۆزیوەتەوە تا ئەو جیاوازییە دەربخات کە ئەو جیا بکاتەوە لە شاعیرانی دیکەی هاو دینی خۆی، لە کولتووری باڵادەستی سەردەمی خۆی و لە دەسەڵاتی حەرامکەر و شەرعییەتپێدەرەکەی، کە بەلاغەیە.

ئەگەر ڕوانینە زەینییەتی ناو دەقەکەی نالی دەبینین، ئەو بابەت و چەمك و وشانەی لە پەیوەندییان بە جەستەی نێر و مێ و بۆ وەسفکردنیان بەکارهاتوون، هەڵگری گەلێك خەسڵەتی تێگەیشتنی مۆدێرنن لە مرۆڤ. هەر ئەوەی کە نالی لەم دەقەدا مەستوورە بە (ناوی تایبەت) بانگ دەکات، نەك لەسەر نەرێتی باو، بە (ژن)، یان (هاسەر)ی ئەم و ئەو، یان وەك سەرمایەی عەشرەت و کەس و بنەماڵەیەك، بۆخۆی قسەگەلێکی زۆر هەڵدەگرێت. لەم دەقەدا مەستوورە وەك (کەسێك)، نەك وەك پاشکۆیەك بۆ کەسێکیتر، یان بەهۆی پاشگر و پێشگرە سەبەبی و نەسەبییەکانەوە، ناوی دەبرێت. تاکایەتی بەخشین بە مەستوورە وەك ژنێك و هێنانەقسەی بە زمانی خۆی، لە خۆیدا هەڵگری ئەو تێگەیشتنە بەرزەی نالییە لە جیاکردنەوەی تاکەکەس لە ئینتیماکانی و پەیوەندییەکانی و تێگەیشتن لێی وەك بوونەوەرێکی دانسقە و بێ نمونە، کە ئەمە دیوێکی ئاکاریانەی بەرزیشی هەیە و خۆی لە دانپیانان بە سەربەخۆیی ئەویتردا دەبینێتەوە.

لەلایەکیترەوە، بەدەنگهێنانی مێیەتی و گوێگرتن لە پەیامەکانی کە هەرچەندەش بەهانەکەی نالی ئەوەیە، ئەمەی باسی دەکات لە خەوندا بووە، بەڵام هێشتا ئەو بەدەنگهێنانی مێیینەیە لە کۆمەڵگایەکی مێیینە داپۆشەردا، بوێرێکی زۆری دەوێت. ئەمە وێڕای جیاکردنەوەی جەستەی نێر و مێی و وەسفیی ئەندامە سێکسی و قەدەخەکراوەکانی جەستە، بۆخۆی دەستکەوتێکی کولتوورییە تەنانەت ئەگەر ئەمە هیچیش ڕووی نەدابێت و گرنگیش نییە ڕوویدابێت. بەڵکو گرنگ لە باسکردنیایەتی و شکاندنی تابۆیەکی سانسۆرکەر لەسەر جەستە.. مامەڵەکردن لەگەڵ جەستە و ئەندامە قەدەخەکراوەکانی وەکئەوەی کە هەن، بەبێ حسابکردن بۆ هیچ سانسۆر و شەرمێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی، لەسەردەمی نالیدا، مامەڵەکردنێکی سەربەخۆیانەی جەستەیە و هەوڵدانێکە بۆ سەندنەوەی لە دەسەڵاتی باوی کولتووری کە مامەڵەیەکی سانسۆرکراو لەگەڵ جەستە و ئەندامەکانی دەکات و دایان دەپۆشێت. ئەم هێنانە دەرەوەیەی جەستە لە دۆخی داپۆشینییەوە بۆ دۆخی ڕووتبوونەوەی، دەستپێشخەرییەکی نالیانەیە، کە هەڵگری زهنییەتێکی کراوە و بوێر بووە، ئەمەش بەبەراوورد بە ڕوانگە فەلسەفیی و ئایینیی و

کولتوورییەکان بۆ جەستە، نەك هەر لە ڕۆشنبیری خۆرهەڵاتی ئەوسادا، بەڵکو بە بەراووردیش بە ڕۆشنبیریی خۆرئاوای ئەو سەردەمە..

بۆیە قەسیدەی مەستوورە تەنیا بەرهەمهێنانێکی بەلاغیانەی دەقێکی ئەدەبیی نییە، ڕاوەستان و سنگ دەرپەڕاندن بەرەنگارێکە لەبەرامبەر گوتاری زاڵی باڵادەست، کە لەسەر مەبدەئی (حەڵاڵ) و (حەرام)، (دەبێ) و (نابێ)کانی ڕوانگە دینی و کولتووریی و شەریعییەکانەوە ئیش دەکات و خۆی دەسەپێنێت و هەروەها هەوڵدانی نالی بووە بۆ خوڵقاندنی گوتار و ئەزموونێکی نوێی شیعری30.

ئەم ڕاوەستان و سنگ دەرپەڕاندن و بەرەنگارییە، بۆ ئەو سەردەمەی نالی دەستکەوتێکی گەورەیە کە بەداخەوە شەرمی کوردییانەی ئێمە، خۆ بەکەمزانیمان و ئینتیمای ناچارەکیمان بە ئایینەوە و زۆریی ئایینداران لە کوردستان کە ئایینداریان کردۆتە جەنگەڵێك لە میزاجی تاکەکەسی و هەروەها کەمیی ئیمانداران و لاوازبوونی دین وەك پرانیسیپ، وێڕای نوزەیەکی نەزۆکی فیمینیزمگەرایی31، کە هەر خێرا هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیی لە ئاست ئەم جۆرە دەقانەدا وەردەگرێت و بەپێی کلێشەیەکی ئامادەکراو، بە ڕەنگدانەوەی هزری پیاوسالارییان دەزانێت، وایانکردووە ئەم قەسیدەیە هەمیشە پەردەپۆش بکرێت و حەقی خۆی وەرنەگرێت، یان بە لاڕێدا ببرێت و لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی شێوێنراوەوە، کەسایەتی نالی بخرێتە ژێر پرسیارەوە، کە مانای قەسیدەکە ڕێگەی ئەوە نادات، ئەگەر سەپاندنی میزاجیانەی مانای ئامادە نەبێت بەسەر دەقەکەدا.

واتە ئەو مامەڵەیەی گوتاری کولتووری باڵادەستی سەردەمی نالی دەبوو لەگەڵ دەقەکەدا بیکات، لە ژێر ناویتر و بە بەهانەی دیکە لە ئەمڕۆدا لەگەڵی دەکرێت. بە پرِوای من، خوێندنەوە نوێکان، بەتایبەتی نەوەی زانکۆ تازەکان، کە دەستیان بەسەرچاوەی بیانی و تیۆرە نوێیەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیی دەگات، دەبێت لەخەمی ئەوەدا بن بە مەنهەجی تازە، قسە لەسەر ئەدەبیاتی جێکەوتووی ئێمە، کلاسیک بکەن و ئاورێک لەم بابەتە بدەنەوە. بەمجۆرەش، نالی دەمانخاتە بەردەم بەرەنگاربوونەوەیەکی مەنهەجییش تا ئەو بەشە لە هزر و کەسێتی ئەو ببینین کە بەلاغە دایدەپۆشێت و ڕێگە بە دەرکەوتنی نادات لەبەر ئەو سنوورانەی بەبەهانەی جۆربەجۆر بۆ شاعیری داناون. لێردا دەبێت ئەو خاڵە گرنگە بەیاد بهێنمەوە، کە چۆن گوتمان زانینی بەلاغیانە داناییەکی سنووردارە، ئاواش دەبێت بگوترێ ئازادیی لە بەلاغەدا پابەندی سنوورەکانی بەلاغە خۆیەتی، بەڵام ئازادیی بۆ نالی دەرفەت ڕەخساندنێکی بەردەوامە بۆ بەدیارکەوتنی مرۆڤناسییەکی فراوانتر لەوەی ڕێگەپێدراوە.

دووەم: فراوانکردنی هیومانیزم:

هیومانیزم یان مرۆڤباوەڕی، بۆخۆی چ لە کلتوورەکانی یۆنان، چ لە ڕۆمی و چ لە دواتریشدا وەکئەوەی لە کولتووری ئەورووپییدا دەبینرێتەوە، مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام مرۆڤنۆڕی و مرۆڤباوەڕیی نالی بۆ سەردەمی خۆی، لە کۆنتێکستی کوردبوونی نالیدا دیسان دەستکەوتێکی زۆر مەزنە، کە لە قەسیدەکەیدا بۆ (کەر)، و لە چەند کارێکی دیکەیدا سەبارەت بە سرووشت و باڵندان و گەردوون، ڕەنگیداوەتەوە. نالی یەکێك لەو شاعیرە هەر دەگمەنانەی

---

30 کەسانیتریش ئاماژەیان بۆ ئەم ڕاستییە کردووە، بۆ نمونە بڕوانە: عەبدولخالق یەعقووبی: **لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات**. کۆمەڵە وتار. هەولێر، دەزگای ئاراس، 2008، ل: 175.

31 بۆ شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری فیمینیستی لە هەرێمی کوردستاندا، بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە نایابە:

- فائیز ئیبراهیم محەمەد: **ژن لە قەفەسی ئازادیدا** (بەشی یەکەم: ئازادی لە چی؟ ئازادی بۆچی؟). هەولێر: ڕۆژهەڵات، 2015

ئێمەی کە ڕوانگەکانی بۆ مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندان، سرووشت، دار، بەرد، ئاو، خشۆك، گیاندارانی دڕندە و هتد، ئەوەندە نەرم و نیانە، ناچارت دەکەن بە جۆرێکی دیکە لەو گیانەوارانە بڕوانیت. شاکارەکەی لە ستایشی کەردا، بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم بۆچوونەی ئێمەیە. ئەم قەسیدەیەی بۆ کەر، بۆ رزگارکردنی کەر لە کەرایەتی بە فۆرمە باوە کولتووریەکەی و وەسفکردنی مێیانەی کەر و سەندنەوەی (زەکەر) لەم ئاژەڵە کە پێوەی ناسراوە، هەروەها لەوانەش گرنگتر: دۆزینەوەی جەوهەرێکی هاوبەشی حەیوانی، لەبەینی ئینسان و ئاژەڵدا، و نەترسان لەوەی، بەپێی کۆنتێکستی مێژوویی و کلتووریی و ئایدیۆلۆژیی ئایینی، قسە لەسەر ئاژەڵێك بکەیت، کە "نمونەیەکی بەرز" نیە و ڕێگەپێدراو نیە بە مرۆڤی بەراوورد بکەیت، بوێریی و حساب نەکردنێکی بوێرانەیە لە لایەن نالییەوە کە شارەزای هەموو ئەو قەدەخەشکێنیانە بووە، تا لە ڕوانگەی ئایینییەوە لەسەری نەبێتە (گوناه).

بەمجۆرە بەرجەستەکردنی ئاژەڵێک کە لەڕووی مێژوویی و لەڕووی کلتووری و لە ژیانی ڕۆژانەدا، بۆ پێوانەکردنی (نزم) بە (بەرز)، (عاقڵ) بە (ناعەقڵ)، (مرۆڤ) بە (کەر)، دەرچوونە لە تێگەیشتن و ڕوانین کولتووریی باوی جێگرتوو32. بۆیە دەستبۆبردنی نالی بۆ ئەم نمونەیە جگە لەوەی بۆ سەردەمی خۆی جۆرێك لە سەرکێشیی و دەستپێشخەرییەکی ئاژەڵدۆستانەی تێدایە، ئاواش بەخشینی زمان بە ئاژەڵ و هاوتاکردنی مرۆڤ بە کەر، تازەگەرییەکی بێنموونەیە. ڕێك ئا لێرەشدایە کە نالی بەمکارەی ئەو مرۆڤدۆستییە مرۆڤ سەنتەرە جێدەهێڵێت و لە هیومانیزمدا جێگەی ئاژەڵ (بە مەرجە بایۆلۆژییەکانی و بیچمی خۆیەوە) دەکاتەوە، نەك وەکئەوەی نزمترە لە مرۆڤ، یان لە خزمەتی مرۆڤدایە، یاخود بوونێکی پەراوێزی هەیە و جێی بەزەیی مرۆڤە، جا ئەمە لە مرۆڤبوونێکی لە ڕادەبەدەرەوە بێت، یان لە بەزەییەوە، یان لە ترسی خودایەك بێت.

ئەم فراوانکردنی هیومانیزمە، نەك بە بەرجەستەکردنی توانای مرۆڤ بۆ هاوچەشندۆستی، بەڵکو بە جێکردنەوەی (ئەویتر) لە کەنار و لە هەمان ئاست و پێگەی مرۆڤدا، دەستکەوتێکی هیومانیستانەی (نالی)یە و تەبایە لەگەڵ سرووشتویستی و نەرێتی مامەڵەکردنی کوردیانە لەگەڵ ئاژەڵدا وەك ئەوەی بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە گەردووندا33. بێگومان ئەمەش لە سەردەمێکی ئەوتۆدا، کە نەرێتی فەلسەفیی و ژینگە پارێزی و ئاژەڵدۆستی لە جیهانی هاوکاتی نالیدا، زۆر لاوازە، یان هەر لە سەرەتادایە. بۆیە ئەگەر ئەم کارەی نالی وەك دەستپێشخەرییەکی هیومانیستیانە ببینین، ئەوە هەڵێکی باشی توێژینەوەمان دەخاتە بەردەم بۆ ئەوەی نالی وەك شاعێرێکی کوردی مسوڵمان، بەڵام دەرچوو لە کولتووری ئیسلامیی باو، بخەینە ناو ڕەوتی هیومانیزمی سنووردارانەی خۆرئاواییەوە بە تایبەتمەندییە کورییەکەیەوە لە تێڕوانینیدا بۆ ئاژەڵ بە گشتی و بۆ کەر وەك ئاژەڵێکی تانەلێدراوی بەکەم گیراوی سووك تەماشاکراو، بەتایبەتی. ئەمە جگە لەوەی دەقەکەی نالی، هەڵگری ڕەخنەیەکی شاراوەی ناوەکیە لە هەر هیومانیزمێك، کە مرۆڤ وەك سەنتەری سەرەکیی خۆی تەماشا دەکات، هاوکات بە خستنەڕووی ڕوانگەیەك لەسەر مرۆڤ بە هاوشانی مەعنەوی و کەرامەتدار لەگەڵ ئاژەڵ: کەر.

سێیەم: دروستکردنەوەی شوناس: دەستکەوتێکی دیکەی نالی بۆ من، مەسەلەی شوناسە، لێرەدا من وشەی شوناس بە مەفهومی پرۆسەیەکی مەعنەوی بەکاری دەهێنم. ئادینتیتی (identity)، نەک بە مانای پێناس (Id Card)، ئایدی کارد یان پێناسە، چوارچێوەیەکی ماتەریاڵیانەی کاغەزیی و کەپسکراوی ئیداریانەی دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێک لە

---

32 ڕیبوار سیوەیلی: کتێبی نالی "لە ستایشی کەردا"، ل: 213-287 کەئەم بەشەی کتێبەکە ساڵی 2000 بڵاو کراوەتەوە. هەروەها بڕوانە: عەبدولخالق یەعقووبی: **"نالی، لە نیشتمانی مەعریفەوە تا غوربەتی زمان"** هەڤپەیڤینی هەرێم عوسمان لە: http://govarikoch.com

33 ڕێبوار سیوەیلی: **کورد و سرووشت**. وتارێك لەسەر پەیوەندیی کورد و سرووشت لە دوای هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ئەم پەیوەندییە. گۆڤاری گوڵان، ساڵی 2014

ئێمەیە34. ئەم پێناسانە هەندێک لە تایبەتمەندییە کەسییەکانی ئێمە بەشێوەیەکی نەگۆڕ لەخۆیان دەگرن، وەك ساڵی لە دایکبوون، دۆخی ژیان: (تاکی، جوتەکی)، ڕەنگی چاو، پێست و هتد. بەڵام ئەمانە تایبەتمەندییەکانی ئایدینتیتی، یان شوناسی ئێمە نین35، چونکە شوناس پرۆسەیەکی بەردەوامە لە هەوڵدانی ئینساندا بۆ بەرهەمهێنانی داناییەکی تەندروست لەسەر خۆی36، ئەم داناییەش ڕەهەندی (جەستەیی، جێندەری و کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە37. هەروەها شوناس بە مانای هەوڵدانی مرۆڤیش بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری ئەوانیتریش دێت بەو جۆرەی کە خۆیان لە ئەزموونەکانیاندا دەژین. بەم پێیەش، شوناس دروستکردن بۆ تاکەکەس، لە هەمانکاتیشدا دەریچەیەکە بۆ تێگەیشتن و هاوژینی لە دۆخی کەسانیتریشدا38.

پرۆژەی نالی پێش هەموو شتێك پرۆژەیەکی زمانیە، کە زمان لە هەر بابەتێکی دیکە نزیکتر و پەیوەستترە بە شوناسەوە، چونکە زمان بەشێکی گرنگی شوناس خۆیەتی. زمانی نالی زمانێکی خودهووشیارە بەوەی کە ئەو کێیە و سەر بە چ نەتەوەیەك و لە چ مێژوویەکەوە هاتووە. جگە لەوەش هووشاریشە بە گرنگیی زمان لە پەیوەندیدا بە خود (self) و چۆنێتی بەرجەستەبوونی خودێتیی (subjectivity) لە زماندا. نالی لەو قەسیدەیەدا کە دەڵێت: ("تەبعی شەکەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا/ ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی لە عەمدا وا دەکا")، کۆی ئەم پەیوەندیی و گرنگییانە پێکەوە باس دەکات. بگرە ئەم شیعرە لەگەڵ چەندانیتریدا، پرۆژەی سازکردنەوەی ڕۆحیی شوناس و نەتەوەن لە ڕێگەی زمانەکەیەوە. هەر لەم بەیتەدا، وشەکانی وەك: (تەبع)، (من)، (کوردی)، (ئینشا)، (خۆ)، دەلالەتی تەواوی ئەوڕاستییە بەیان دەکەن، کە دەبێتە گوتاری سەرجەمی شیعرەکە. نالی لە ڕێگەی ئەم وشانەوە شتێك بینا دەکاتەوە کە سنوورێکی لەبەردەمدا هەیە: زمانانی دیکەی سەردەستە. ئەو شتەش زمانی کوردی خۆیەتی: لێرەدایە کوردی وەك زمان دەبێتە دەفرێك بۆ ئەوەی سرووشت و خوو و تەبعی منێك داپڕێژێت (ئینشا) بکات، تا خودێتییەکەی بخاتە بەر تاقیکردنەوە. پێویستە خود بخرێتە بەردەمی ئەم تاقیکردنەوەیە، بۆ ئەوەی تەبعی (من) بە کوردی خۆی داپڕێژێتەوە. ئەمڕێکخستنە زمانیە هەرچەندە بەلاغیانەیە، بەڵام ناچێتە خزمەت بەلاغەوە وەك بەشێك لە شوناسی عەرەبی/ ئیسلامیی، چونکە ئامانج لە گوتاری شیعرەکە بەرجەستەکردنی کوردیانەی خۆیەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە. لێرەدا بەلاغە ناچێتەوە خزمەت زمانە پیرۆز و سەردەستەکەی خۆی، بەڵکو دەچێتە خزمەت جیاوازییەوە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی زمانی عەرەبییەوە بەرجەستە دەبێت..

کافکا هەمان حاڵەتی نالی هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی پێچەوانەی نالی: دۆلۆز شیکارییەکی زۆر جوانی کافکای کردووە، دەڵێت: کافکا نەیدەتوانی بە زمانی (یدیش) بدوێ کە زمانی یەهوودییەکان بوو، زمانی (چیکی)یش بۆ ئەو جگە لە زمانێکی فەرمیی و ئیداری و ئاخاوتن

---

[34] بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە مەبەستی من سەبارەت بە جیاوازیی فۆرمی ئیدارییانەی پێناس و شوناس وەك پرۆسەیەك، بگەڕێوە بۆ: ڕێبوار سیوەیلی: **دیاردەگەرایی تاراوگە**. وتاری: "***پۆلیس: باوکێکی ناحەز لەسەر شەقامی ئازادی***". چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر: 2002

[35] ڕێبوار سیوەیلی: شوێن و شوناس. خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی. ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، 2015، ل: 71 و بەرەودوا.

[36] *Brian Garrett*: **Personal identity and self-consciousness** .Routledge: London and New York. 1998.

[37] ڕێبوار سیوەیلی: ***شوناس و ڕەگەزپەرستی***. وتارێکی سەمینارییە لەبارەی پەروەردە، شوناس و ڕەگەزپەرستی. 2016

[38] Franz From :**Identitet**:Om oplevelsen af andres adfærd .(1953) Gyldendal. http://www.denstoredanske.dk.

شتێکیتر نەبوو[39]. بەڵام زمانی ئەڵمانی لەو سەردەمەدا زمانی کولتوور و سەردەستەی ئەو کاتەی چیکۆسلۆڤاکیا بوو، کە کافکا هەوڵیدا بە چنگەکڕێ خۆی لەناو ئەم زمانەدا هەڵکۆڵێت.

کافکا زۆر هەڵبژاردنی لەبەردەمدا بووە، نالییش بەهەمان شێوە. کافکا دەیتوانی بە زمانی چیکی بنووسێت، خۆی فێری یدیش بکات، یان بە زمانێکی دیکە بنووسێت. نالیش دەیتوانی بە عەرەبی، فارسی، تورکی بنووسێت، یان هەر بە کوردی نەنووسێت. بەڵام نالی زمانی کوردی و کافکا زمانی ئەڵمانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی (خۆ)ی تیدا بەرجەستە بکات. بەمجۆرەش کافکا وەك یەهوودییەك، کەمینەییبوونی خۆی لە لە زمانی ئەڵمانیدا بەرجەستە دەکات. ئەمە جۆرێکی سەرنجڕاکێشی ململانێیە: کافکا دەچێتە جەنگی زمانی ئەڵمانی و ئەوەی کە لەم زمانەدا یاساخە لەسەر یەهوودییەکان بگوترێت، ئەو لە کارەکانیدا و بە ئەڵمانی دەیڵێت. دەنگی یەهوودیبوون و مەحروومییەتی جیاوازی لە زاری زمانی مەحروومکەر و بێدەنگکەرەوە دێتە قسە! لێرەوە کافکا چ وەك یەهوودییەك و چ وەك هاوڵاتییەکی چیکی زۆر زیرەکانە توانی سوود لە ئیمکانیاتی ستانداردی زمانی ئەڵمانی وەربگرێت بۆئەوەی یەهوودیبوونی خۆی و چەوساندنەوەی خۆی، واتە؛ بە بەجێهێشتنی زمانی دایکی (یدیش)، و پەنابردن بۆ زمانی دەسەڵات، توانی شوناسی یەهودیبوونی خۆی بەرجەستە بکات.

نالی ڕێک پێچەوانەی کافکای کردووە: نالی بە ڕەتکردنەوەی زمانی سەردەستە بە گشتی و زمانە سەردەستەکانی وەک؛ عەرەبی، فارسی و تورکیی عوسمانی، توانی زمانی کوردی بهێنێتە پێشەوە و بیکاتە میدیایەکی سەربەخۆ نەك پاشکۆیی و لە پەراوێزدا. بۆیە "تەبعی شەکەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا"، ئامانجێکی تێدایە، کە ئەویش هەم تاقیکردنەوەی خودێتی خۆیەتی و هەم ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی نالییە بۆ کوردبوونی خۆی، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت لە خۆیدا ئازاد بێت و لە سەردەستەیی زمانەکانیتریش، ڕزگاری بێت. بۆیە نالی لە زماندا چەکێکی ڕزگارکەر و دەسەڵاتێکی ئازادکەر دەبینێت.

بەهەرحاڵ، ئەگەر زمانێکی جیاواز لە زمانی دەسەڵات، نا سەپێنراو، نائایدیۆلۆژی و لە ڕووی زەوقییەوە سۆبژەکتیڤ هەیە، دەبێت ئەم زمانە بێتە مەیدانەوە تا شەڕی زمانەکانی دەسەڵات، زمانی سەپێنراو، ئایدیۆلۆژی و گشتێنەری زەوقیکی بابەتی و دەرەکی بکات. ئەمە تەنیا ڕێگای تاقیکردنەوەی خودێتیی و تەنیا هەلێکە بۆ زمانی کەمینە و پەراوێزی تاکو چێژی ئازادیی لە سەربەخۆیی خۆیدا بچێژێت، بەبێ ئەوەی ڕووخساری خۆی لەناو ئاڵ و واڵای زمانێکی دیکەدا، بە هەر هۆکارێك (پیرۆزبوونی ئەو زمانە، باڵادەستبوونی و دەوڵەمەندبوونی و هتد..)، پڕازێنێتەوە، بەڵام جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی بشاردرێتەوە. نالی لەم کەین و بەینەدا پەردەی لەسەر ڕاستەقینەی ئەم ڕووخسارە شاراوەیە هەڵداوەتەوە تا ئێمە جەستە ڕاستەقینەکەی ببینین..

ئەنجام:

بۆ گەیشتن بەم سێ خاڵە و شتی دیکەی لەم جۆرە، تەنیا شیکردنەوەی بەلاغیانەی تێکستی شیعری دادمان نادات. بەلاغە بۆخۆی هەم دەسەڵاتێکی سنووردارکردنی مانای شیعر و هەم گوتارێکیشە لە پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی و هەم ئاستێکی جیهانبینی ئیستاتیکی تایبەتیشە کە بە سەختی پەیوەندیی هەیە بە جیهانبینی بەدەویانەی عەرەبیی/ئیسلامییەوە لەسەروەختی گەیشتنیدا بە دەسەڵات لە ڕێگەی داگیرکاری و غەزووەکانییەوە، هەمیش ناچارکردنێکە بۆ شوێنپێهەڵگرتن و دووبارەکردنەوە لەچوارچێوەکی پێشینەییدا کە زمانی عەرەبییە.. بۆیەش بەلاغە بە بەشێك لە (غەزوو)، ناو دەبەم نەك (فەتح)، لەبەر ئەوەی یەکەم وشەکە لە سەردەمی پەیامبەردا بەکارهاتووە و کۆنترە، دووەم: ئەمەی دوایيان ناونانی

[39] ژیل دلوز- فلیکس گتاری: کافکا: به سوی ادبیات أقلیت. ت: حسین نمکین. تهران، بیگدل، 1392، ل: 45 و بەرەودوا، سیوەیلی: کتێبی نالی، ل: 312-313

مسوڵمانانەیە بۆ ئەو چالاکییە داگیرکارانەیەی ڕوویداوە. غەزوو بریتیە لە دەستبەسەراگرتنی بە زۆر بە ئامانجی ئابووری و دەسەڵاتخوازیی ئایدیۆلۆژیی ئایینی، بەڵام فەتح ناونانێکی پاشینەی مسوڵمانانە بۆ شەرعییەتدان بە زۆر و توندوتیژییەکی مێژوویی کە لەسەر دەستی سوپای عەرەبی/ئیسلامی ئەنجام دراوە40.

بەلاغە سیستەمێکی داپۆشەر، سنووردارکەر، حەرامکەر و پێوەریانەیە بەسەر شیعری ئێمەوە، تاکو هەرگیز ئەم شیعرە لە خۆیدا و وەکئەوەی بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە هەیە، نەناسین. بەڵکو بەپێی پێوەرگەلێکی ستانداردی لە دەرەوەڕا سەپاو ڕووبەڕووی شیعری خۆمان وەك پرۆژەیەکی زمانیی و پەیوەست بە شوناسەوە، ببینەوە. هەر ئەمە بۆخۆی پارادۆکس و دژوازییەکی لە نێوان هەوڵدانی ئێمە بۆ (بەسەرچاوەکردنی شیعری کلاسیکی وەك بەشێك لە شوناس)مان لەلایەك و پەنابردنمان بۆ (پێوەرگەلێك کە بەرەنجامی تایبەتمەندیی شیعر)گەل و ئەدەبیاتێکی دیکەن، کە لە زمانێکی دیدا بەرهەمهاتوون، لەلایەکیترەوە، دروستکردووە. ئەمەش هەتا ڕادەیەك هەندێ تایبەتمەنی بەلاغیانەی شیعری ئێمەی بۆ ئاشکرا کردووین، بەڵام نەیتوانیوە ڕۆحیی شیعری ئێمە بەرجەستە بکات.

یەکێك لە ڕێگاکانی دەرچوون لەم پارادۆکس و دژوازییە دۆزینەوەی ئاستەکانی کاریگەریی بەلاغەیە لەسەر بێدەنگکردن، سانسۆرکردن و شاردنەوەی ڕۆحیی کوردبوون لە شیعری کلاسیکی ئێمەدا. ئەم ڕۆحی کوردبوونەش لە پەیوەندیی بە زمان و شوناسەوە وەك بەرجەستەکەریی جیاوازیی نەك چوونەژێرباری وەکیەکیی زمانی و شوناسەوە، لە ژێر زەبر و دەسەڵاتی سیاسی و چەکە ئادیۆلۆژییەکەی دەستیدا کە بەلاغەیە بە پشتبەستن بە شەرعێکی تایبەت، ئاشکرا دەبێت. بۆیە لێکۆڵینەوەی ورد لە زمانی شیعری و بەخشینەوەی کۆی ئەو دەلالەتە مانایی و میتافۆریانەی لەم زمانەدا و بەهۆی زەبری بەلاغەوە، خراونەتە پەراوێزەوە، بێهێز و بێدەنگ کراون، کارێکی هەرە پێویستە بە ئاراستەی دۆزینەوەی ڕۆحی کوردبوون لەو شیعرەدا.

دووەمین هەنگاو، ڕەتکردنەوەی بەلاغەیە وەك تاقە دەریچەیەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شیعری کلاسیکماندا، چونکە بەلاغە خزمەت بە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دەکات. ئەم باڵادەستییە بەپیرۆزکراوە دەبێت هەڵوەشێتەوە کە هێندەی لە خزمەتی پراکتیککردنی ستانداردە بەلاغییەکەدایە، لە خزمەتی شوناسی شیعری ئێمەدا نیە. ئەم ڕەتکردنەوەیەش بەبێ پەنا بردن بۆ میتۆدیی دیکەی خوێندنەوە، مانای نییە و ڕەتکردنەوە دەکاتە پەرچەکردارێکی ئایدیۆلۆژیانەی کوردایەتیانە، نەك گەڕان بەدوای شوناسی کوردبووندا. پێویستە ئێمە پەنا بۆ ئەو میتۆدانە ببەین کە بە هۆیانەوە ئەو دیوەی تری کەسایەتیی شاعیر و پرۆژە زمانیەکانیان ببینین، کە لە بەلاغەوە دیار نیین. واتە؛ تا ئێمە بەو توردانە مەنهەجییەدا ڕەت نەبین، ئەو فیلتەرە بەلاغییە لەسەر شیعری کوردی هەڵنەگرین، ئازادبوون لە ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی ئایینی سەپێنراو مانای نابێت. ئەم ئایدۆلۆژیایە لەلایەن دیدێکی ڕەسمییەوە ئیعترافی خۆی بەدەستهێناوە و خزمەت بە شوناسی غەیرە کورد دەکات. ئەگەر کورد توانیوەتی لە چوارچێوەی مەرجە بەلاغییەکاندا بەرهەمی داهێنەرانەی گەورە بەدەست بهێنێت، بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە بوو کە ئیعترافێکیش لەویترەوە بۆخۆی بەدەست بهێنێت، ئیعترافێک کە لە مێژوودا نەیتوانی وەك کوردی مسوڵمان بەدەستی بهێنێ، لە شیعریشدا بێگومان بەدەستی ناهێنێت، چونکە ئەم جۆرە شیعرانەی غەیرە عەرەب نووسیویانن، با ئاستی تەکنیکیشیان لەڕووی بەلاغەوە زۆر بەرز بێت، بەڵام دواجار ئەمە هی عەرەب نییە، بەلاغەش خۆی "عیلمێکی عەرەبییە" وەکو دەڵێن، بۆیە بەلاغە خزمەت بە کەشفکردنی نهێنییەکانی شیعری کلاسیکی ئێمە ناکات. بۆیە لە بەلاغەخستن بەشێکە لە ڕزگاربوون لە زەوق و چێژی عەرەبی ئیسلامیی بەرایی. مانەوەی بەلاغە و دەسەڵاتە

---

[40] د. تهامی العبدولی: **اسلام الآکراد**. انموذجا لاسلام الآقلیات (قراءة فی تداخل الدینی و القبلی و القومی). دار الطلیعة للطباعة و النشر و رابطة العقلانین العرب. بیروت- لبنان. 2007. ص: 61.

میراتییەکەی بەسەر شیعری ئێمەوە، وەك تاکە دەریچەیەك بۆ تێگەیشتن لەم شیعرە، بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی زەوق و سەلیقە و چێژی سەردەستەیە بە مەرجەکانی خۆی.

ئەمە تەنیا پڕۆژەیەکی تاکەکەسی نیە، بەڵکو ئەرکێکی زانستیشە کە بە پلەی یەکەم کەوتۆتە سەر شانی زانکۆکان و مەنهەجی پەیڕەوکراو بۆ تێگەیشتن لە شیعری کوردی تیایاندا. لێرەدا، نالی پرۆژەیەکە لەبەردەمماندا، کە بەم ئاراستەیە کارێکی ئەوتۆمان لەسەر نەکردووە، و زۆر لەو توێژینەوانەی کە کراون، چ لە روانگەی ئایینییەوە چ بە شێوازی تر، مادام لە چوارچێوەی ڕوانگەی بەلاغیانەدا بۆ شیعری نالی ماونەتەوە، ڕەنگە دووچاری دووپاتکردنەوەی هەمان مەعریفەی بەلاغیانە ببن لەسەر شاعیری کورد نالی. ئەمەش بە واتای درێژە پیدان بە شاردنەوەی نالی وەک کوردێک کە بەشدارییەکی زۆر گرنگی کردووە لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی شوناسی کوردیانە، کە ئەمڕۆ لەهەرکاتێک زیاتر دەبێت بەلامانەوە بابەتی قسەکردن بێت. هەروەها ئێمە بتوانین چ لە مێژوو چ لە ئەدەبیات و بەشەکانی تری کلتووردا ئەو هەوڵە جددیانە بدۆزینەوە کە بە ئاڕاستەی دروستکردنی شوناسی کوردیدا ئیشیان کردووە.

2016

بارێی بچووك/ پیرزین

تێبینی: بە سوپاسەوە ئەم توێژینەوەیە لەلایەن بەڕێز عەبدولحالق یەعقووبییەوە، پێداچوونەوەی بۆ کراوە. توێژینەوەکەش هێشتا پاکنووسی کۆتایی نەکراوە و کاری لەسەر دەکرێت تا بە زانیاری و شییکردنەوەی ورد، هەڵەکانی ڕاستبکرێنەوە و دەوڵەمەندتر بکرێت.

سەرنج: ئەم توێژینەوەیە هێشتا کاری لەسەر دەکرێت تەواو نەبووە.

سەرچاوەکان:

أدونيس: الثابت و المتحول: بحث في الابداع و اللاتباع عند العرب. 4 أجزاء, ط: العشرة, دار الساقى, بيروت, لبنان, 2011.

أدونيس: الشعرية العربية. دار الاداب, بيروت لبنان, 1985.

پۆڵ ڕیکۆر: "خەیاڵی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا"، لە: ئازاد سوبحی: دەنگ و سێبەر، هەولێر: سەنتەری نما (8)، 2002،

ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی. بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی و ڕێکخراوی زەریاب، هەولێر: 2015.

ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی حاجی قادری کۆیی: خوێندنەوەیەکی فەلسەفیانەی ئەزموونی شیعری. هەولێر، بڵاوکراوەی: ئەکادیمیای کوردی و ڕێکخراوی زەریاب، 2016.

د. عبدالحسين زرين كوب: اشنايى با نقد ادبى. تهران: انتشارات سخن، چ: هفتم، 1383

.https://rasekhoon.net/article/print

الدکتور عبداسلام المسدى: الادب و خطاب النقدى. ط،1، دار الكتاب الجديد المتحده. بيروت: لبنان، 2004

ا.أ ريتشاردز: فلسفه البلاغه. ت: سعيد الغانمى و د. ناصر الحلاوى. أفريقيا الشرق، 2002

http://www.alecso.org/bayanat/arabic_rhetoric.htm

أسد جابر أبو لبيدة: استعاره در بلاغت عربى: فراخوانى براى نوآورى. ترجمةء: أتنا پوشنه، (ويرايش: ليلا صادقى): http://www.leilasadeghi.com/naghd/translations/478-belaghat.html.

امين الخولى: نو انديشى در علم بلاغت: ترجمه :سيد محمود طيب حسينى. له : https://rasekhoon.net/article/print.

Edward W Said: Orientalisme- vestlige forestillinger om Orienten. Roskilde. Universitetsforlag. Oversat af John. Botofte, 2002.

ڕێبوار سیوەیلی: قەفەسی ئاسنین (یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!). هەرێمی کوردستان، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، 2003

محمد أحمد قاسم - محيي الدين ديب : علوم البلاغة «البديع والبيان والمعاني». المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس – لبنان, 2003.

عەبدولخالق یەعقووبی: لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات. کۆمەڵە وتار. هەولێر، دەزگای ئاراس، 2008.

فائیز ئیبراهیم محەمەد: ژن لە قەفەسی ئازادیدا (بەشی یەکەم: ئازادی لە چی؟ ئازادی بۆچی؟). هەولێر: ڕۆژهەڵات، 2015

رضوان السيد: مفاهيم الجماعات فى الاسلام (دراسات فى السوسيولوجيا التاريخيه للاجتماع العربى الاسلامى). بيروت 1993

ڕێبوار سیوەیلی: کورد و سرووشت. وتارێك لەسەر پەیوەندیی کورد و سرووشت لە دوای هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ئەم پەیوەندییە. گۆڤاری گوڵان، ساڵی 2014

http://forums.ksu.edu.sa/showthread.php

د. محمد بكر سلمى: البلاغه و النقد. 2009، له: http://dawheladab.ahlamontada.net

لماذا القران ليس معجزة؟ لة: http://3lotus.com/ar/Islam/Quran-Not-a-Miracle.htm

أحمد القبانجى: نقد الاعجاز البلاغي في القرآن. الحوار المتمدن-العدد: 3929 - 2012 / 12 / 2 - 08:41, المحور: العلمانية، الدين السياسي ونقد الفكر الديني . له: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=334895

يافث القرشى: قراءة نقدية في بلاغة القرآن. 2014 له: http://arabatheistbroadcasting.com/essay/

ڕێبوار سیوەیلی: دیاردەگەرایی تاراوگە. وتاری: "پۆلیس: باوکێکی ناحەز لەسەر شەقامی ئازادی". چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر: 2002

ڕێبوار سیوەیلی: شوێن و شوناس. خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی. ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، 2015.

Brian Garrett: Personal identity and self-consciousness. Routledge: London and New York. 1998.

شوان ئەحمەد: سەرەتایەکی کورت دەربارەی ژیانو بەرهەمەکانی "ئیدوارد سەعید" لە: ttp://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=3835&type=farhang، 2016.

ڕیبوار سیوەیلی: شوناس و ڕەگەزپەرستی. وتارێکی سەمیناریيە لەبارەی پەروەردە، شوناس و ڕەگەزپەرستی. 2016

Franz From: Identitet: Om oplevelsen af andres adfærd. Gyldendal. (1953) http://www.denstoredanske.dk.

ژيل دلوز- فليکس گتاری: کافکا: به سوی ادبيات أقليت. ت: حسين نمکين. تهران، بيگدل، 1392.

د. تهامی العبدولی: اسلام الاكراد. انموذجا لاسلام الاقليات (قراءة فی تداخل الدينی و القبلی و القومی). دار الطليعة للطباعة و النشر و رابطة العقلانين العرب. بيروت- لبنان. 2007.

